ئێران بە دڵنیاییەوە مافی سروشتی و ڕەوای خۆی بە سزادانی باندی تاوانکاری زایۆنی کەڵک وەردەگرێت

سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی: تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران پێشێلکردنی یەکپارچەیی خاکی ئێران بوو و بە دڵنیاییەوە ئێران مافی سروشتی و ڕەوای خۆی بە سزادانی باندی تاوانکاری زایۆنی بەکاردێنێت.

عەلی باقری، وەزیری دەرەوەی ئێران بە وەکالەت، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس و دەرئەنجامە سیاسی و ئەمنی و پێشێلکاری ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێشێلکردنی سەقامگیری ناوچەیی قسەیان کرد.

وتیشی: ئێران بە دڵنیاییەوە مافی سروشتی و ڕەوای خۆی بە سزادانی باندی تاوانکاری زایۆنی کەڵک وەردەگرێت.